# وەزیری ژینگە : ئێمە لە وەزارەتی خۆمان ڕێگە بەوە نادەین هیچ کەسێك کاری حیزبایەتی بکا.




5/14/2008 5:17:21 PM

لە دیمانەیەکی تایبەتی پێگەی ئیسلام پەیك دا ، سەبارەت بە بە رەوشی ژینگەی هەرێمی کوردستان و کاروچالاکیەکانی وەزارەتی ژینگە و مانەوەی وەزارەتەکەیان دوای پێکهینانی کابینەی نوێی حکومەت و هەوڵ و چالاکیەکانی بەرپرسانی ژینگە سەبارەت بە مەترسیەکانی وشکە ساڵی و دووبارە سەرهەڵدانەوەی نەخۆشی کۆلێرا .... و چەند پرسێکی تر ، سەردانێکی بەڕێز مامۆستا دارا محمد ئەمین ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی و وەزیری ژینگەی حکومەتی هەرێمی کورستان ، مان کردوو ، و جەنابی مامۆستا داراش بەراشکاوانە وەڵامی یەکەیەکەی پرسیارەکانی داینەوە .

سازدانی : شێرزاد عەبدوڵلاَ – هەولێر

ئیسلام پیك :ئەگەر بکرێ کورتەیەك لەژیانی خۆتمان بۆ باس بکەی؟

وەزیری ژینگە :من دارا محمد امین ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی لەدایك بووی ساڵی 1967 شاری سلێمانی وە خێزاندارم (3)سێ کوڕ وکچێکم هەیە ، وەخوێندنی شەریعەم ودبلۆمی بالآم لە یاسایی نێودەوڵەتی تەواوکردووە ، ئەوکاتەی ئیخوان هەبوو لە سالآنی هەشتاکان دەستمان پێکردووە لە ئیخوان خەتی دوو بووین ، لە نەوەدەکان کە بزوتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامی دروست بوو ئێمەش دارمەزرێنەری بووین دوایی بوومە ئەندامی سەرکردایەتی لە بزوتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامی دواتر ئەندامی مەکتەبی سیاسی ، دواتر بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی دروست بوو لەوێش بوومە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و ئیتر بەرپرسیارێتی پەیوەندیەگشتیەکان وپەیوەندی دەرەوە وبەرپرسی مەڵبەندی سلێمانی و کۆمەڵێك پۆستی جۆراو جۆرم وەرگرتوە لەحزب ، تادواتریش کۆمەڵی ئیسلامی راگێنرا لە ساڵی 2006 وە وەزیری ژینگەم .

ئیسلام پیك :هۆکاری دواکەوتنی یاسای وەزارەتی ژینگەچیە کەماوەی (2)ساڵە ئەم وەزارەتە دامەزراوە کەچی تائێستا لەپەرلەمانی کوردستان یاساکەی پەسندنەکراوە ؟

وەزیری ژینگە :دانانی یاسایەك کارێکی ئاسان نیە ،لەبەرئەوە پێشتر یاسای پاراستنی ژینگەنەبووە ،جگە لەچەند یاسایەك کە تایبەت بووە بە ئەنجومەنی بالآی شۆڕشی حزبی بەعس بەناوی ئەوانەوە دەرچووە ، ئەم یاسایە لە عێراق کاری پێ کراوە بەلآم ئەم یاسایە کاڵ وکرچ بووینە بەهیچ شێوەیەك ئەم یاسایە لەگەڵ ئەم قۆناغە پێشکەوتنەی دوونیا وکوردستان ناگونجێ ،بۆئەم مەبەستە تیمێکمان دروستکرد لە هونەری ولەکەسانی یاسایی وەهەروەها پێشتریش تیمێك لە ئەنجومەنەی وەزیران دروست بوو بوو وەدەیان پرۆژەی تریش لەوبارەیەوە هەبوو لەسەر یاسایی ژینگە ، ئێمە سودمان لەهەمووی بینی وەنزیکەی (6)شەش مانگ خەریك بووین تایاساکەمان ئامادەکرد ،دوایی چووە ئەنجومەنی وەزیران ماوەیەکیش لەوێ ماوەتەوە ،دوایی دەرچونی لەلیژنەی یاسایی ئەنجومەنی وەزیران نێردراوەتەوە پەڕلەمانی کوردستان ، دواتر پشوی پەرلەمانی بەسەر داهات دوای تەواوبوونی پشوی پەرلەمان و تادەست بەکاربۆتەوە ،هیوادارین بەم زوانە یاساکەی ئێمەش لەپەرلەمان گفتوگۆی لەسەربکرێ ،وەیاساکەمان (63)مادەیە وبەگشتی هەمووئەوکێشانەی پەیوەندی هەبێ بەژینگەوە توانیومانە جێگەی بکەینەوە لەناوئەم پرۆژەیاسایە .

ئیسلام پیك :ئێوە وەك وەزارەتی ژینگە لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی و تەندروستی لێیکتر نزیکن لەکارەکانتان تاچەند هاوکارتان بوونە لەرووی گەشەپێدانی ژینگەوە ؟

وەزیری ژینگە :وەزارەتی ژینگە وەزارەتێکی چاودێرە ،لەبەر ئەوە پەیوەندی بەهەموو وەزارەتەکانەوە هەیە ، چاودێری رەوشی ژینگەئەکا لەهەرێمی کوردستان وەئەو وەزارەتانەش کە پەیوەندی دارن ئەنجومەنی بالآی پاراستنی ژینگەمان هەیە کە بەرێوەبەری گشتی ئەو وەزارەتانە بەشداردەبێ لەرێگای ئەم ئەنجومەنەوە پەیوەندی راستەوخۆمان هەیە بەتایبەتی وەزارەتی ژینگە دەبێ لەگەڵ هەموو وەزارەتەکان پەیوەندیەکی باشی هەبێ تابتوانێ لەکارەکانا سەرکەوتووبێ ، وەکو گوتم کاری ئێمە چاودێریە نەك کاری جێ بەجێکار.

ئیسلام پیك :لێژنەیەکتان پێك هێنا بۆ شاخی قەندین لەسەر پشکنینی ئەوچەکانەی کە سوپای تورکیا بەکاریان هێناوە بەلآم هیچ ئەنجامێکتان رانەگەیاند هۆکارەکە چی بوو ؟

وەزیری ژینگە :ئێمە لێژنەیەکامان پێك هێنا سەردانی ئەوناوچانەیان کرد کە کەوتونە بەرشالآوی سوپای تورکیا لە ناوچەکانی بادینان وزاخۆ وسیدەکان وتادەگاتە قەندیل ، سەردانیان کردووە وراپۆرتێکیان ئامادەکردوە کەدەتوانین بڵێین هەمووچەکەکان زیان مەندن بۆژینگە وەکاریگەری خراپیان هەیە وەئەم بۆردومانە کاریگەری کردۆتە سەر ژیانی خەڵك ، ژینگەی ناوچەکە وکشتوکاڵ وئاو خاك وهەمەچەشنەی زیندەوەر لە ناوچەکە ، بەلآم دەتوانم یەکەم بڵێم تا ئێستا بەداخەوە تاقیگەی پێشکەوتوومان نیە تا ئێمە پشکنین بکەین لەسەر ئەم پارچە تەقەمەنیانە تابزانین جۆرەکانیان چیە ، دووەمیش دەتوانم بڵێم چەکی کۆمەڵکوژ بەومانایە بەکار نەهاتووە کە پێ ی دەگوترێ چەکی کۆمەڵکوژ ، بەلآم لەهەمانکاتا ئەوچەکانەی بەکارهاتووە هەموویان دژی ژینگەن بەکارهێنانی هەموو جۆرە چەکێك کاریگەری راستەوخۆی لەسەر مرۆڤ وژینگە دەرناکەوێ بەڵکو دواتریش کاریگەری هەردەمێنێتەوە ، بەلآم لەبەر نەبوونی تاقیگەی پێشکەوتوو بەداخەوە نەمان توانی بگەینە هەندێ ئەنجام جگەلەوەی کەراپۆرتەکەمان ئیشارە بەوەدا کە زەرەرو زیانێکی زۆری بەژینگە وخەڵکەکە گەیاندوە .

ئیسلام پیك :حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانی بۆ وشکەساڵی چیە وەئێوە چ پلانێکتان هەیە بۆ ئەم قەیرانە ؟

وەزیری ژینگە :پلانی ئێمە بریتیە لە پلانی حکومەتی هەرێم ، حکومەت لیژنەیەکی پێکهێناوە لەوەزارەتی سەرچاوەکانی ئاو و ژینگە وکشتوکاڵ وشارەوانی وتەندروستی ، کەئەمانە لەگەڵ پارێزگاکان هەموویان ڕووبەرووی وشکە ساڵی ببنەوە ، میزانیەیەکی باشی بۆدانراوە ، بەبیروبۆچوونی من وشکەساڵی لەولآتی ئێمە ئەو مەترسیە گەورەیەی نیە وەکو هەندێك لەولآتانی دوونیا هەیەتی ، بەلآم هەردەبێ پێش وەختە ئامادەکاری بۆبکرێ ، لیژنەکەی ئەم ساڵ دەبێ خۆی تەواوئامادەبکات بۆئەوەی بتوانین چۆن چارەسەری ئەو ناوچانە بکەین کە پێویستی زۆرگرنگیان هەیە بەئاو ، بەلآم دەبێ پلانی درێژ خایەنیش هەبێ بۆ سالآنی تریش ، وەبەدرێژایی مێژوو ئەم وشکە ساڵیە ناوبەناو دووبارە بۆتەوە ، بەلآم ئێستا زیاتر بووە بەهۆی ئەو گۆرانکاریانەی لەکەش وهەوا دروست بووە بەهۆی گۆرانکاریە ژینگەیەکان زۆربوونی رێژەی کاربۆن لە هەوا ،بۆیە پێویستی بەوەهەیە پلانی درێژخایەن هەبێ وەدەیان و سەدان بەنداوی بچووك وگەورە دروست بکرێ لەکوردستان کەچۆن ئاو باران کۆبکرێتەوە وسود لە ئاوی ژێر زەوی وەرگیرێ ، وەئاو ورووبارەکانمان بەفیرۆنەچن ، ئەوانەش بۆداهاتوو کاری لەسەربکرێ .

ئیسلام پیك :ئەوزەویانەی دابەش دەکرێت بەسەر فەرمانبەران بۆ شوێنی نیشتەجێ بوون تاچەند مەترسی دارە لەسەر ژینگەوە بەهۆی نەمانی زەوی کشتوکال وسەوزایی ؟

وەزیری ژینگە :هەموو هاوولآتیەك مافی خۆیەتی شوێنی نیشەجێ بوونی پێ بدرێ وەلە کوردستان خاکێکی بەرفراوانمان هەیە خاکەکەی ئێمە یەکجار زۆرە نزیکەی ( 50،000 )پەنجا هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشەیە ، من دەمەوێ یەك شت بڵێم ولآتی کۆریای باشور کە (48،000،000 )چلوهەشت ملیۆن دانیشتوانیەتی خاکەکەی بەقەد هەرێمی کوردستانە بە ناوچە داپراوەکانیشەوە لەگەڵ ئەوەشا (48،000،000 ) چل وهەشت ملیۆن کەسی تیا دەژی ئەوخەلکەی لە کوردستان دەژی رێژەکەی زۆرنیە ، بەلآم نەبوونی ( ماستەرپلان ) وایکردووە کە کەمووکوری هەبێ لەدابەشکردنا ، دەکرێ لەجیاتی ئەوەی خێزانێك لە خانوێکی (100)مەتری نیشتەجێ بێت لە (500)مەتری نیشتەجێ بێت ، وەرێژەی سەوزایی لەشارەکان زیادبکرێ ،وەناوچەیەکی زۆریشمان هەیە کە ناوچەی بەردەلآنە لە خاکی هەرێمی کوردستان بکرێتە ناوچەی کشتوکاڵی وەبدرێ بەخەڵك لەرێگای گرێ بەستەوە تابیکەنە باغ وخاکی سەوزایەکانی پێ

زیادبکرێ ، وەئەو زەویانەی ئەدرێ بەخەڵك لە چوار چێوەی ( ماستەر پلانێکی ) شارەوانی بێ لەگەڵ دابەشکردنی هەرپارچەیەکا ناوچە سەوزایەکەشی بۆدیاری بکرێ .

ئیسلام پیك :ئەگەر وەزارەتی ژینگە بمینێتەوە گۆرانکاری لەوەزارت و بەرێوەبەراتیەکانتان دەکەن یاخود وەك خۆی دەمێنێتەوە بۆنمونە هەردوو بەرێوەبەرایەتی گشتی تەکنیکی وهۆشیاری کە بەرێوەبەرە گشتیەکانیان سەر بەپارتی ویەکێتین گۆرانیان بەسەردانایەت؟

وەزیری ژینگە :ئەگەر وەزارەتی ژینگە بمێنێتەوە پێمان باشە لەگەڵ وەزارەتی سەرچاوەئاویەکان تێکەڵ بە وەزارەتی ژینگە بکرێ ، وە وەزارەتی ژینگە کاراتربکرێ وەرۆڵی باشتری هەبێ لە قەزاوناحیەکان هۆبەی ژینگەیمان هەبێ ، وەپێویستیمان بەوەیە کەسانی پسپۆر وشارەزا زیاتر بێنە ناو وەزارەتی ژینگە وبوجەیەکی زیاتری بۆدابین بکرێ تابتوانێ ئەو رۆلەبیبینێ کە پێویستە ژینگە بی بینێ وەکو ئەوەی کەلەولآتی دوونیا هەیە وەکو یەکێك لە گەورەترین کێشەکان کە رووبەرووی ژیانی خەڵك بۆتەوە ئەویش ژینگەیە ، تالە کوردستانیشا بتوانین ئەورۆلەی خۆمان ببینین چ لەرووی پاراستنی ژینگە وژیانی تەندروستی خەڵك چ لەرووی ئابووری سودی لێ دەبینین چ لەرووی بەرەوپێش چوونی کەرتی کوشتوکاڵی کەئەمانە لە پێناو پاراستنی سروشتی کوردستان وئەوکانزایانەی لە ناوخاکی کوردستان داهەیە .

ئیسلام پیك :هەردوو بەرێوەبەرایەتی گشتی تەکنیکی وهۆشیاری کە هەردوو بەرێوەبەرە گشتیەکان سەر ربە لیستی پارتی ویەکێتین ئێوەبەنیاز نینە گۆرانکاریی تیابکەن ؟

وەزیری ژینگە :ئێمە پێمان وایە بەرێوەبەرایەتی گشتی هۆشیاری وتەکنیکی بمێنەوە وەدەبێ بەرێوەبەرایەتی خۆپاراستن لەتیشك دابمەزرێ ، بۆیە لەگەڵ ئەوەین نوێنەری هەموولایەنێکی تیابێ ، بە پارتی و یەکێتی وکلدان وئاشوری وتورکمان وهەمووان ، بەلآم لەگەڵ ئەوەنین خەڵکی نەشارەزا لە وەزارەتەکەمان بێ بەڵکو خەڵکی پسپۆر و هونەری لە وەزارەتبن کار بۆ ژینگە وحکومەت بکەن نەك کار بۆ حیزبایەتی بکەن چونکە ئێمە لە وەزارەتی خۆمان رێگە بەوە نادەین هیچ کەسێك کاری حیزبایەتی بکا بەلآم ئازادە سەر بەهەر لایەنێك بێ .

ئیسلام پیك :لەسەرەتایی دامەزراندنی وەزارەتی ژینگە باس لە پشتێنەیەکی سەوزدەکرا بۆ سەرتاسەری کوردستان بەلآم ئەم کارە نەکرا بۆ ؟

وەزیری ژینگە :بەڵێ ئەوەکاری وەزارەتی شارەوانیە ئێستا لەپلان وبەرنامەیان هەیە دەستیان کردووە بە پشتێنەی سەوز بۆشاری هەولێر و دەستیان پێ کردووە وئێمەش دەست خۆشیمان لێکردوون و بە پێویستی دەزانین بۆشاری هەولێر .

ئیسلام پیك :لەکۆتایدا ئێمە هیچ شتێکمان نەماوە ئەگەربەرێزت هەرشتێکت مابێ ؟

وەزیری ژینگە :سوپاس بۆئێوە من دەست خۆشیتان لێدەکەم دەبێ ئەوەبزانین کە ئەرکی پاراستنی ژینگە تەنها ئەرکی حکومەت ودەسەلآت ووەزارەتی ژینگە نیە ئەرکی هەموو تاکێکە لەم ولآتە کە پارێزەری ژینگەبێ ئەگەر هەموو تاکێك دۆستی ژینگە نەبێ و ژینگە پارێزنەبێ وهەولْنەدا لە پێناو وشیاری ژینگەیی و پاك وخاوێنی وپاراستنی ژینگەی ناوماڵەکانی خۆمان وکۆلآنەکان وشەقامەکان دەست پێ نەکات ناتوانین ژینگەی ئەم ولآتە بپارێزین ناشتوانین ئابووری ئەم ولآتە بپارێزین ناشتوانین بڵێین ئێمە کۆمەڵگەیەکی مەدەنیمان هەیە وەناشتوانین بڵێین خۆشەویستیمان بۆ ولآتەکەمان هەیە ، هیوادارم هەمووتاکێك لە شوێنی خۆی هەست بەوبەرپرسیارێتیە بکات دووبارە بەخێربێن زۆر سوپاس .

Sherzad_33@yahoo.com